# هەرکەسێک سوێندێک کە لەسەریەتی بە درۆوە بیخوات بۆ زەوتکردنی سامانی مسوڵمانێک بە ناهەق؛ ئەوا بە خوای گەورە دەگات وئەو (زاتە) لێی تووڕەیە

لە ئەشعەسی کوڕی قەیسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە نێوان من وپیاوێک ناکۆکی هەبوو سەبارەت بە بیرێک، بۆیە ناکۆکیەکمان برد بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (بۆ ئەوەی لەسەر ئەم مەسەلەیە حوکممان بۆ بدات)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «دوو شاهێدەکەی تۆ، یان سوێند خواردنی ئەو»، ووتم: «ئینجا ئەو سوێند دەخوات (بە درۆوە) وگوێی پێنادات!»، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک سوێندێک کە لەسەریەتی بە درۆوە بیخوات بۆ زەوتکردنی سامانی مسوڵمانێک بە ناهەق؛ ئەوا بە خوای گەورە دەگات وئەو (زاتە) لێی تووڕەیە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە باسێکی ئەشعەسی کوڕی قەیسی لە خۆگرتووە کاتێک تووشی دووبەرەکی وناکۆکی بوو لەگەڵ کەسێک سەبارەت بە بیری ئاوێک، چوون بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەوەی حوکم لە نێوانیاندا بدات ومەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ئەشعەسی فەرموو: «دوو شاهێدەکەی تۆ، یان سوێند خواردنی ئەو»، وئەشعەس گومانی وابوو کە بەرامبەرەکەی لەوەیە سوێند بە درۆوە بخوات وگوێ بەوە نەدات کە تاوانە یان نا، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک سوێندێک کە لەسەریەتی بە درۆوە بیخوات ـ ـ ـ هەتا کۆتایی فەرموودەکە»، ئەم فەرموودەیە هەڕەشەیەکی توندی تێدایە سەبارەت بە ئەوانەی ماڵ وسامانی مسوڵمانان دەخۆن بە ناهەق بەهۆی سوێندی درۆ وبەرهەڵست بوونەوەیەکی ستەمکەرانە، ئەوەی حاڵی بەم شێوەیە بێت ئەوا بە خوای گەورە دەگات لە ڕۆژی قیامەتدا وئەو زاتە مەزنە لێی تووڕەیە، وئەوەی خودا لێی تووڕە بێت ئەوا تیاچووە ودۆڕاوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2980